

# گۆرانییەک بۆ باوکم

باران

دڵشاد عەبدوڵڵا

لە شەست ساڵی دەگەڕێمەوە، بۆ گێڕانەوەی حیکایەتێکی کۆن . باوکم

گەواهی بۆ دەدەم نەیتوانی بە ویستی خۆی بژی .

لە منداڵییەوە، نەگبەتی بێ باوکی، سەرەڕای هەژاریی

خێزانێکی دوازدە کەسی و ماوەیەکیش دایک برا و کوڕە خوشکێک،

لە ماڵێکی سێ ژووری قوڕدا . ئەو بارە لە کێویش بێ دەڕمێ .

خۆزگە ! ژیان هەر بۆ جارێک دووبارە دەبووەوە بۆ ئەوانە

کێ دەڵێ، کە دەمرن ئیسراحەت دەکەن، ئومێدێکی لەوجۆرە لەئارادا نییە .

من کوڕی گەورەی . دڵم دێشێ لەگەڵ ئەو ڕستەی لەهەشتا ساڵیدا وتی،

لە ژیانمدا زۆر ماندوو بووم !

درەنگ دەزانرێ باوکەکان چیان لە دڵدایە .

تووکی تەڕی سینەی، یان، لاقی بە مووی باوکم نەدی بە تەڕی .

گوێم لە نووزەیەکی نەبوو، نەمزانی گۆرانی دەزانێ یان، نا .

وەک دەریاگەڕێک دەگەڕام لە بن دەریا

مرواری ئارەقەی سەر هەنییەی نەیهێشت بەدوای هیچی تر بگەڕێم

هەر زوو بوو بە برادەرم، وەک دوو کەنار باوەش بکەین بەیەک دەریاوە

من کەنارێکی سادەو دیار، ئەویش نادیار لە سەت لاوە !

وەک کۆپییەکی چەند جارە، نەوە دوای نەوە، باوکەکان دووبارە دەبنەوە .

لە نۆزدە ساڵیدا، بەدزی، لچکی لێفەکەم هەڵداوە

خۆم خزاندە گەرمای ناو جێی نووستنی، لەو شوێنەی دایکم لێی دەنووست

گوێم لە دەنگی لێدانی دڵی گرت، ئەو شەوەی ئیتر دەبوو بڕۆم



وەک چەخماخە لە ناو هەوری ماڵ بێمە دەرێ !

بەو سۆزەی لە دەروونی گەنجێکدا کڵپە دەدا، پاڕامەوە لە خودا :

ئەو کانییە کوێر نەبێتەوە کە لەبناری ئەو کێوە قوڵپ دەدا.

بە گوێی کردم . سوپاس و ستایشم کرد .

وەک کەروێشک بە زنەو ملەدا ڕێگام گرت

وەک نەمام لە گەورەیی دارستان بەهرەم وەرگرت

کوڕم جگەرە مەکێشە ... کێشام

کوڕم عارەق مەخۆوە ... خواردمەوە

کوڕم شیعر مەنووسە ... نووسیم

کە منداڵم نەبوو، وتی، بامنداڵت بێ

کە منداڵم بوو، وتی، با زۆرتان بێ

ئەو نەیدەیویست کۆپییەکی ئەو بم؛ خۆی هەندێک لەو شتانەی هەبوو

کە دەیویست من نەمبێ . هەندێک لەو شتانەی نەبوو، دەیویست

من هەمبێ .

لە نێوان ژیانەکاندا بە ناچاری یەکیان هەڵدەبژێرین، بە هەموو کەموکورتییەوە

پەلی هەرچی بچێنی ئەو دەڕوێ، خۆخ نابێ بە هەرمێ. هێلکە چی بێ ئەو دەتروکێ

جیاوازییەک کە هەبێ دوای باڵقبوونە ئەو کاتیش کار لەکار دەترازێ

ئەوەی ڕۆی ناگەڕێتەوە

لە شەست ساڵی تێگەیشتم، ئەوەی باوکم دەیویست ئەوەم لێ دەرنەچوو

بە کەمێک دەسکارییەوە .



## دڵشاد عەبدوڵڵا

-دڵشاد عەبدوڵڵا شاعیرو نوسەر

ساڵی 1956 لە شاری هەولێر لە دایکبووە.

-لە ساڵی 1980ەوە دەستی داوەتە نوسین.

-تا ئێستا زیاتر لە 15 کتێبی شیعری بڵاوکردۆتەوەو لە بواری ڕۆژنامەگەریشدا چەند بەرهەمێکی بەچاپگەیاندووە.

- سێ بەرهەمی شیعری وەرگێڕدراوە بۆ زمانی عەرەبی.

-دڵشاد عەبدوڵڵا سەرنوسەری گۆڤاری ئەدەبی (ئاینده) و گۆڤاری (شیعرستان) بووە، کە لەلایەن (دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم)ەوە دەردەچوو.